Dunya Mardan
August 25, 2024 ·

مێزگردی تیۆر و فەلسەفەی فێمێنیزم لە کوردستان بەڕێوەچوو

ڕۆژی ٢٥ی ئاب ٢٠٢٤ لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی ئەمینداری ئەنجوومەنی خانمان و گەشەپێدان، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی،، ڤیان حسین، بەڕێوەبەری پرۆژەکان،ژمارەیەک لە چالاکوان و ئەکادیمست، مێزگردێک لەبارەی تیۆر و فەلسەفەی فێمێنیزم لە کوردستان لە چوارچێوەی پرۆژەی بەرەو پێشبردنی یەکسانی جێندەری بۆ ئاشتی و پاراستنی ژینگەی بەردەوام بە هاوکاری دەزگای مرۆیی سیدا بەڕێوەچوو.
ئامانجی سەرەکی ئەم مێزگردە بریتی بوو لە:-
یەکەم: گفتوگۆکردن و دەستنیشانکردنی ئاراستەی  گشتی چۆنێتی کارکردن و هەنگاونان بۆ ڕێککەوتن لەسەر هێڵە گشتیەکانی تێور و فەلسەفەی فێمێنیزم لە کوردستاندا .
دووەم: دەستنیشانکردنی ئەجەنداو ناونیشانی پانێڵ و بابەتەکانی (دیداری ئێمە) کە تایبەتە بە گەشەپێدانی بزووتنەوەی فێمێنیزم لە کوردستاندا.

